www.kurdistannet.org
9-9-02 23:21:08

# قسەی حەللەق و بەللەق !

هێمن

بە داخەوە بەڕێز جەلال تاڵەبانی وایلێکردووین قەت بە لێدوانەکانی نەحەپەسێین، چونکە ئەو هەر لە سەرەتای هاتنیەوە بۆ کۆری تێکۆشانی سیاسی ئەگەر دەستی بە سەر هەموو شتێکدا رۆیشتبێ نەیتوانیوە دەست بە سەر هەستی (پووچگۆیی)یەکەیدا بگرێت، ئەو ئەمرۆ لێرە قسەیەك دەكات و بستێك ناروات شتێکی دیکە دەڵێت !، ئیتر وایلێهاتووە خەڵك ناچارن بە پێی شوێنی ئاخافتنەکان شیکردنەوە بۆ قسەکانی بکەن !.

من هیچ کاتێك ئیجازە بە خۆم نادەم قسەی ناشیرین بە کەسێکی وەك تاڵەبانی بلێم، چونکە هەرچەندە ئیرەیی بە تەنیا چرکەیەکی مێژووی ئەو پیاوە نابەم، وەلێ هەمیشە ئەوەم لە بەر چاوە کە بە سەدان گەنجی ئەو میللەتە (بە خەیاڵی خۆیان!)لە پێناوی ئازادی و سەرفرازی گەلەکەیاندا لە ژێر پەرچەمی ویدا بوون و خۆشیان فیدا کردووە، بۆیەش لە ئاست هەوڵەکانیدا بۆ پچرپچر کردنی جولاًنەوەی رزگاریخوازیمان و بە ئاسانی تەسلیمبوونی لە ئاست خواستی داگیرکەرانی کوردستاندا چاو دەنووقێنم.

سەرەرای ئەوەش ناتوانم لە دوایین لێدوانی ئەو بەرێزە بێدەنگ بم کە لە کاتی گەرانەوەی بۆ کوردستان و لە دەڤەری بادینان دای و جوامێرانە بە رۆژنامەنووسانی گووت : تورك هەرەشان ناکەن..بەڵکو گلەییان دەکەن !!!، وەك بلێی (تاڵەبانی)لێدوانەکانی چەکماك ئۆغلوو هەموو ئۆغلووەکانی دیکەی نەبیستبێ کە دەڵێن : ئەگەر لە ئارژانتینیش دەوڵەتی کوردی دابمەزرێت رێی لێدەگرین و لە گەلْ لێدانی عیراقیشدا ویلایەتی موسلْ (کە مەبەستیان باشووریکوردستانە)دەگێرینەوە بۆ باوەشی نیشتمانە خۆشەویستەکەیان (تورکیای دادگەورە!!).

با لەوەش گەرێین و ئەو داکۆکیکردنەی (مامی ئازیز)لە تورکیای گولْ و گوڵبارانکراو هەر بە موبارەکی خۆی بزانین، بەلاًم ئەرێ گەلۆ..هەق نییە بپرسین : مامیپیر لەو لێدوانەیدا بە کێی دەگوت : رۆژنامە کوردییەکان قسەی حەللەق و بەللەق دەکەن ؟!، ئایا مەبەستی لە ئۆرگانی رەسمي پارتی دیموکراتی کوردستان (واتە رۆژنامەی برایەتی)بوو یان مەبەستی رۆژنامە ئازاد و نیمچە ئازادەکانی وەك میدیا وئەوانی دیکە بوو؟!..

بێگومان ئەگەر مەبەستی مامە رۆژنامەی برایەتی بووبێت ئەوە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکیانە پرۆسەی ئاشتیی پێشێل کردووە و لەو فەرمایشتانەشی ژەوان بووەتەوە کە هەر لە ویدا گوتی : پتر لە هەموو شتێك یەکریزی و یەکدەنگیمان پێویستە..، چونکە ئۆرگانی هەر حزبێك تەعبیر لە سیاسەتەکانی ئەو حزبە دەکات و باوەریش ناکەم حزب هەبێت قبووڵی بێت کە ئەوەی لە رۆژنامەکەی دا دەگووترێت بە قسەی حەللەق و بەللەق لێکبدرێتەوە !!

ئەگەریش مەبەستی مامجەلال رۆژنامەی میدیایە کە ماوەیەك بەر لە ئێستا رۆژنامەکانی تورکیای لە خۆی قەڵس کردبوو و بە زمانێکی بابەتییانە داوای لەو دەوڵەتە دەمارگیرە کردبوو کە چاو بە سیاسەتە هەڵەکانیدا بگێرێتەوە، ئەوە پێم وایە غەدرێکی گەورەی لە مێژوو و تەنانەت لەوانەش کردووە کە هەمیشە هەوڵیان لە پێناو دامەزراندنی دیالۆگێکی واقیعبینانە لە نێوان کورد و گەلانی دیکەدا داوە.ناشزانم بە کام پێوەری عەقلاًنی و شارستانی دواندنی داگیرکەران بە زمانێکی دوور لە توند و تیژی نێوی لێدەنرێت قسەی حەللەق و بەللەق ؟!.

بە هەردوو دیوەکەدا مامجەلال لەو لێدوانەشدا وەك هەموو لێدوانەکانی دیکەی تووشی هەڵەیەکی سیاسیی گەورە بوو، جا ئەز وەك برادەرێك نووسیبووی ناخوازم مافی داخۆیانی لە مامجەلال بسەندرێتەوە، وەلێ هیڤیدارم پاش ئەو گەشتە دووردرێژەی کە کردی بۆ ئەوروپا و ئەمریکا، دوای ئەو هەموو لێدوانە دژیەکانەشی کەبە درێژایی سەفەرەکەی دانی، لە هاڤینگەی خۆیدا لە دوکان پشوویەك بدات و دوایێ بە زەینێکی سافەوە بپرسێت : کێ قسەی حەللەق و بەللەقی کردووە ؟، رۆژنامەکان یا ن .....